**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە :٤٥٥٠ لە ٢٠٢٠/١٠/٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ماددەی (٢٠) لە یاسای خانووبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەمواركراو بەیاسایی ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەرێمی كوردستان وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:-

- كردنەوەی (دیوانی باجی خانووبەرە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان و خانووبەرەی میری بۆ مەبەستی چارەسەركردنی گیر و گرفت و كیشەكانی نێوان خاوەن موڵك و كرێچی.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە : ١٠١٨٤ لە ٢٠٢٠/١٠/٥**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٢)ی یاسایی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو بڕیاردرا بە

- وەرگرتنی ڕسومات لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان كە لە پێشووتردا مۆڵەتیان وەرگرتووە ، وە بەدەر بكرێن لە ڕێنمایی نوێی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكان ، تەنها بۆ ئەم ساڵی خوێندن بە پێی ماددە (٦٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومییەكانی مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت تایبەت بە ڕسومات.

**ئالان حمە سعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**